www.kurdistannet.org
23-2-2006 12:28 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ساڵی60 هەمی کۆماری کوردستان، پیرۆزکردنی9 ی ڕەشەمە ڕۆژی، بەڕەسمی هاتنی مەلا موستەفای نەمر بۆ مهاباد ... عەلی قازی (کوڕی ڕەش)

جەماوەری بە شەرەفی کوردستان
نەتەوەی کورد ماوەیەکی زۆر درێژە کە خەباتێکی خوێناوی بۆ ڕزگاری کوردو کوردستان بەڕێوە دەبا، دیارە ئەگەر ئەو ڕابردووە پڕ لە شکۆمەندی یەو ئەو سەر هەڵدان و شۆڕشانە بەردەوام نەبوونایە دوژمنان بە نیاز ی تواندنەوەی یەکجارەکی گەلی کورد بوون و دەیانەویست شوێنەواری نەهێڵنەوە، بەڵام نەتەوەی کورد کۆڵی نەداو قارەمانانە بە ڕەنگاری دوژمنان بۆوەو مانی خۆی لە دەستیان پاراست.
ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان60 ساڵ لەمەوبەر، دەستپێکردنی ڕوناکترین و پیرۆزترین قۆناغی خەبات و شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە. لە سەردەمی جەنگی دوومی جیهاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزاڤی ئازادی خوازی کوردستان بە سەرکردایەتی کۆمەڵەی (ژ ک) پاشانیش لە ڕێگای حزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە ڕێوە دەچوو، هەر لەو کاتەشدا لە باشوری کوردستان حزبی (هیوا) و هەروەها کە سایەتیە نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرەکان و لە هەمان کاتدا بارزانیەکان بۆ ڕزگاری کوردستان لە شۆڕشدا بوون. پاش ئەوەی دەوڵەتی عێراق بە پشتیوانی دەوڵەتی ئینگلیز بارزانیەکانی هەراسان کرد و ناچاری کردن کە باشوری وڵات بە جێ بهێڵن بەرەو ناوچەکانی شنۆو دەورو بەری لە ڕۆژهەڵات بکەونە ڕێ
هاوزەمان لە گەڵ ئەو ڕووداوانە 4 ساڵ بوو کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حاڵەتێکی خودموختاری دا دەژیا.
پێش ڕاگەیاندنی کۆمار پێشەوا مەلاموستەفای نەمری بانگهێشت کرد بۆ مهاباد بۆ ئەوەی کە بارزانی و هاوڕێکانی بەشداری لە پێکهێنانی کۆماردا بکەن، مەلا موستەفای نەمر ئەو بانگهێشتنەی بە گەرمی پێشوازی لێکرد هەر بۆیەش جارێکی تر لە مهاباد لە 2ی ڕێبەندان لە ڕۆژی ڕێ و ڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماردا ئامادە بوو (بڕوانە وێنەی ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمارو هەواڵی ڕۆژنامەی کوردستان سەبارەت بە ڕاگەیاندنی کۆمارلە ژمارەکانی 10. 9. 8. 7. ) لە وێنەکەدا دەبینین کە مەلا موستەفا لە هەموو کەس نزیکتر لە پێشەوا ڕاوەستاوە. هەروەها لە ژمارە 10 ڕۆژنامەی کوردستاندا کە ڕۆژی دووشەممە 15 ڕێبەندان دەرچوە2ی ڕێبەندانی بە جەژنی سەربەخۆیی و ئیستقلال و سەربەخۆیی کوردستان ناوبردووە (بڕوانە ڕۆژنامەکە) وە لە ژمارەکانی13،12،11، بەدوواوە ئیتر لە هەموو سەر وتارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دا 2ی ڕێبەندان بە جەژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان ناوبراوە.
لە ژمارەی 8 ی ڕۆژنامەکەدا کە لە 8ی ڕێبەندانی 1324 دا بەرامبەر بە 28. 01. 1946 دەرچوو سەبارەت بە ڕاگەیاندنی کۆمار بەم جۆرە بڵاوکراوەتەوە: لە ڕاگەیاندنی کۆماردا زیاتر لە 20هەزارکەس بەشدابوون، هەر لەم ڕۆژەدا 6 بڕیاری زۆر گرنگ وەرگیراوە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:
(قەرارێک کە لە 2ی ڕێبەندانی ساڵی 1324 لە لایەن بیست هەزار نەفەر نمایندانی تەواوی تەبەقات ئەهالی کوردستانی شمالی لە میتینگی شاری مهابادی دا قبوڵ کراوە....
1. لەو جێگایانەدا کە ئیستاکوردی تێدا دەژین بە ئستقلالی تەواو بگات.

2. ئینتخابی مەجلیسی شورا دەست پێبکەن.
3. حکومەتی میللی کوردستان و وەزیران و ئیدارەکانی ساز بکەن.
4. هێزی موسەلەحی میللی کوردستان تەشکیل بدەن.
5. لە گەڵ دەوڵەتانی هەمسایە رابگەی تجارەتی و ئیقتسادی بەرقەرار بکەن.
6. لەگەڵ برا ئازەربایجانیەکان هەمکاری دۆستایەتی مەحکەم بکەن. پایەدار بێ کوردستانی ئازاد. بژی حزبی دیموکراتی کوردستان، بژی ڕەهبەری خەڵکی کوردستان جەنابی قازی موحەمەد. ) (تەواو بوو)
پاش کۆتایی هاتنی مەراسیمی کۆمار مەلا موستەفا دیسان گەڕایەوە ناوچەکانی شنۆیە و بۆدوواجار و لە ڕۆژی 9 ڕەشەمەی ئەو ساڵەدا بە شێوەیەکی ڕەسمی بە یەکجاری هاتەوە بۆ مهاباد و ئیدی لەوێ نیشتەجێ بوو تا کۆتایهاتنی کۆمار، ئەمەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ژمارە 21کە ڕۆژی 2. 3. 1946 بڵاوکراوەتەوە باس کراوە (بڕوانە ڕۆژنامەکە) ، بەم شیوەیە بڵاوکراوەتەوە:
(جەنابی ئاغای مەلا موستەفا قائیدی کوردی بارزان رۆژی 9. 12. 1324 سەعات 5ی پاش نیوەڕۆ واریدی مهاباد بوو. وەختێ گەشتە نێوو باغان ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی پێشوازیان لێ کرد. وەختێ جەنابی مەلا مەستەفا لە چۆمی پەڕییەوە بە ئیحترامی
ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی دابەزی و لەم کاتەدا کۆمیتەی مەرکەزی هەنگاویان توندتر کرد و لە قەراخ چۆمی پێک گەیشتن، برای خۆشەویست (سدیق حەیدەری) مەراسیمی بەخێرهاتنی بەجێ هێنا و هەموو ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی بە مەلا موستەفا ناساندو ئەویش دەستی لەناو دەستی هەمووان نا،
لە نیهایەتی خۆشی دا بۆ کانگای حزبی دیموکرات هاتن ولە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی دانیشتن و لە سە عات شەش حەزرەتی پێشەوای کوردستان بە پێ ی (القادم یزار) تەشریفی بۆ کانگا هات و مولاقاتی دەگەڵ مەلا موستەفا فەرموو، لەو وەختەدا موحەمەد ئەفەندی خیتاب بە حەزرەتی پێشەوا، خیتابێک کە وێنەی ئیحساساتی قەلبی مەلا موستەفابوو، لە خسوس خۆ دەپێناونانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومە نەجیبە لە ڕێ ی سەربەستی کوردستان دا خوێندەوە و جەنابی پێشەواش وەڵامی دانەوە و ئەوانی بێ ئەندازە بە حکومەتی کوردستان و حزبی دیموکرات ئومێدەوار کرد، پاشانیش حەزرەتی پێشەوا تەشریفی بردە سالۆنی تایبەتی خۆی ئەنجا مەلا موستەفا بە حزوری شەرەفیاب بۆ ماوەی دوو 2 سەعات پێکەوە خەریکی گفتەگۆ بوون.
مەلا موستەفا پیاوێکی سیاسی و زەعیمی کوردی بارزانە لە ڕێ ی سەربەستی کوردستان دا زۆری مەینەت کێشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ئێل و عەشیرەتی ویان بە گوناهی ئازادی خوایی دەربەدەرو لە نیشتمانی خۆشەویستیان وەدەر ناوە.
زاتی نێوبراو بێجگە لەوەی قائیدێکی بەرزە، پیاوێکی زاناو تێگەشتوو موتەمەدن و نیشتمان پەرستە وە تەمەنی لە حدودی چل و پێنج ساڵدایە. ) (تەواو بوو)
دیارە کۆمار بە گوێرەی ئیمکاناتی ئەو کاتەی خۆی بەرامبەر بە سەرۆک بارزانی و هاوڕێکانی بە ئەرکی نەتەوەی سەرشانی خۆی هەڵساو، جەنابی مەلا موستەفا دەرەجەی جەنراڵی لە ڕیزی ئەرتەشی میللی کوردستان دا پێ بە خشرا، هەروەها کۆمار هەموو ئەندامانی دی لەشکری کوردستانی چەکدار کردن و بۆ بارزانیە کان جێگەی نیشتە جێ بوون و ژیانیان دابین کرا.

من پێم وایە کە کوردی پارچەکانی دی کوردستان ڕۆڵیکی قارەمانەیان لە پێکهێنان و پاراستنی کۆماردا دیت وە هاتنی مەلا موستەفا بۆ ناو کۆمار بووە هۆی ئەوەی کە پێشەوا ئاڵای کوردستانی پێ بسپێرێت ئەویش بە ڕاستی دڵسۆزی پاراستی و بەرزو شەکاوەی ڕاگرت تا گەشتە ئەم ڕۆژە کە بە خۆشیەوە ئەمڕۆکە لە بەشێکی ئازادکراوی باشوری وڵاتەکەماندا دەشەکێتەوە. و لە هەرچوار پارچەی کوردستانیشدا و لەلایەن هەموو پارت و لایەنە سیاسیەکانەوە بە ڕەسمی بە ئالای کوردستان قبوڵ کراوە، جگە لەمانەش هەروەکو کە زۆر بۆنەدا باسمان کردوە یادگاری بەنرخ لەدایک بوونی کاک مەسعودە لە مهاباد و لەژێر سایەی ئاڵای کۆماردا و دامە زراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەردەمی کۆمارداو لە مهاباد.

بە بۆنەی تێپەڕبوونی 60 ساڵ بە سەر ڕاگەیاندنی کۆماردا ماڵپەڕی کۆماری کوردستان دۆسیەیەکی تایبەت بۆ بەشدارانی کۆمارو نوسەران و ڕۆشنبیرانی کورد دەکاتەوە بۆ نوسینەوەی بیرەوەری و یادگارییەکانیان و بڵاوکرنەوەی هەر بابەتێکی سەبارەت بە کۆماری کوردستان.

پیرۆزکردنی 9ی ڕەشەمە ڕۆژی

بەڕەسمی هاتنی مەلا موستەفای نەمر بۆ مهاباد

لە ڕۆژی 9ی ڕەشمە 02. 03. 2006 کە دەکاتە یادی 60 ساڵەی وارد بوونی مەلا موستەفای نەمر بە شێوەیەکی ڕەسمی بۆ مهاباد، بەم بۆنەیەوە دەست دەکەین بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەک وتاری تایبەت بە کۆمار، بابەتەکانمان بەردەوام دەبن و بە نوسینی ئەندامی کۆنگرەی (ژک) هەروەها ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات و پێشمەرگەی بەوەفاو دێرینی کۆماری کوردستان هێژا مام قادری دەباغی و دوواتر وتاری بەڕیز مام جەلیلی گادانی ئەندامی دێرینی حزبی دیموکرات و یەکێک لە سەرکردە تێکۆشەرەکانی و قوتابی وەفاداری پێشەوای کوردستان و هێژاو دڵسۆز دکتۆر گوڵمرادی و ئەوانی تر دەست پێدەکەین.

عەلی قازی/کوڕی ڕەش

22. 02. 2006